# وەزارەتی مافی مرۆڤ

# رێزی لە کارەکانی گەرمیان و ئاکرێ نا...



بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانی وەزارەت لە میانی ساڵی رابردوودا و رۆڵی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری مافی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێبەجێکردنی بەرنامە رێژییەکانیان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٠٠٨/١/١٧ مەراسیمێکی رێزلێنان بۆ هەوڵ و کۆشش و کارەکانی ئەم نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیانە سازدرا کە تیایدا بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ وێڕای دەستخۆشی و لەبەرچاو گرتنی توانا و هیلاکیەکانی ئەم کارمەندانە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان ئەوەشی راگەیاند:

ئەم رێزلێنانە لەم کەسانە مانای ئەوە نیە کە بەشەکانی دیکە کەمتەرخەمیان لە کارەکانیان کردووە، بەپێچەوانەوە هەموو لایەك لە میانی ئەم

ساڵ و نیوەی دەستبەکاربوونی وەزارەت لە کابینەی پێنجەمی حکومەت ئەرکێکی پیرۆز و کاری دڵسۆزانەیان ئەنجامداوە و بۆتە بنەمایەك بۆ بنیاتنانی بەراییەکانی ئەم رەوشە تا لە ئایندە بەرێکتر کارەکان بەڕێوەبچن و لە ساڵی تازەدا بە بەرنامەرێژییەکی نوێوە دێینە مەیدانەکە و بە نیازیشین سەنتەرێکی هۆشیاری مافی مرۆڤ لە کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا کاری تێدا بکەن و دابمەزرێنین ... کە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی وەزارەتە، چونکە بەبێ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە مافی مرۆڤەوە ناکرێ هەنگاوەکانی تر بهاوێژێ.

هەروەها گوتی:

ئەم رێزلێنانە بەردەوام دەبێت بۆ هەموو بەش و نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیکە, چونکە دڵنیاین کە هەموان بە ئەرکی زیاتر هەڵدەستن...

ئینجا دیاری وەزارەت بەسەر نووسینگەکانی گەرمیان و ئاکرێ—وە دابەشکرا کە وەك دوو فەرمانگەی نموونەیی لە کارەکانی ئەمساڵیاندا سەرکەوتووبوون.

لەم مەراسیمەدا بەڕێوەبەرانی گشتی مافەکانی مرۆڤ و دیوان ئامادەیبوون.